# جێ بەجێکردنی پرۆژەی توندوتیژی دژی ژنان
# گەیشتە دەڤەری ( پشدەر)...

بۆ کارکردنی بەردەوامی وەزارەت بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان لە درێژەی کاروچالاکیەکانی جێ بەجێکردنی پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژی مێینە کە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری قونسولێەی بەریتانی ئەنجامی دەدات... ژمارەیەك لە چالاککاری ئەم پرۆژەیە بەسەرپەرشتی خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ بەرێوبەری پرۆژەکە سەردانی دەڤەری پشدەر-یان کرد و لە حەوزی شەروێت لەگەڵ ژنان و پیاوانی گوندەکانی دەرگەڵە و زودان و شەروێت و سیدەلان کۆبوونەوە... لەم دیدارەدا کە بەرێز ئازاد وسو حەسەن بەرێوبەری ناحیەی ژاراوە و ژمارەیەك لە پیاوانی ئایینی و بەرێوبەری پۆلیسی ئەو دەڤەرە و خەڵکانی روناکبیر و لایەنە حیزبی و حکومیەکان ئامادەبوون، لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا بەرێوبەری پرۆژەکە ئاماژەی بەم دیاردە ترسناکە کرد و بەدیاردەیەکی دوور لە ویژدان و شارستانیەت و هەموو بەهایەکی مرۆیی و ئایینی وەسفکرد... هەروەها ئاماژەشی بەرۆڵی دەستوبرد و کارەکانی وەزارەت دا کە زۆر بەجیبیدیانە کاری بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە کردوە و کاریش تیایدا بەردەوامە ئەویش بەکۆمەڵێ بەرنامە و لەسەرووی هەمووشیانەوە کاری هۆشیارکردنەوە و دارشتنی پرۆژەکان لەم بوارەدا و نموونەش ئەم پرۆژەیەیە کە لەگەڵ قونسولێەی بەریتانی لەگوندو شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامی دەدەین...

ئینجا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا حەسەن محەمەد کە پیاوێکی ئایینی ئەو دەڤەرە بوو بەووردی و لە روانگەی قورئان و پیرۆزی ئایینی ئیسلامەوە باسی لەم دیاردەیە کرد و رایگەیاند: نەك هەر خۆکوشتن یان خوسوتاندن بەڵکو ئەگەر لەسەر بێشکەش ئازاری کچۆڵەیەك بدەی لە ئایینی ئیسلام بە حەرامکردن ناوزەد دەکرێ و نابێ مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك پەنا بۆ خوکوشتن و درندەیی و توندوتیژی بەرێ، چونکە ئەمانەی ئەم کارە دەکەن کێشەی زێتر بۆ خۆیان دروست دەکەن...

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئاماژەشی بەوەدا ئیسلام بۆیە هاتووە کە مرۆڤ پێش مردن پێویستە لە دونیادا بەختەوەر بێت...

ئەوەشی روونکردەوە کە ئەم پرۆژەیە زەروریەتێکی زیندووە و سەردانیکردن بۆ ئەم گوندانە و کۆبوونەوە لەگەڵ ژنان و پیاوانیان و باسکردن و روونکردنەوەی ئەم کێشەیە کارێکی خودایی و مرۆیی گەورەیە، چونکە رەوشی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لێدەکەوێتەوە...

شایانی باسە سەردانی ئەم گوندانە و لە نزیکەوە کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکەکەی نزیکەی (٦) سەعاتی خایاند و ئەم پرۆژەیەش لەکارەکانی خۆی بەردەوام دەبێت...




HENRY

